

رۆناڵدۆ دەتوانێت مێسی بباتە ریال مەدرید..

# کاتیا: ناتوانن نێوانی من و براکەم تێکبدەن

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

بەپێی ئەو بەڵگەنامە فەرمییەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ ناچاربوو بۆ خۆ رزگارکردن لە تۆمەتی خۆدزینەوە لە باج، پێشکەشی بکات، ئەو دەتوانێت بە داهاتی ساڵی 2015 گرێبەست لەگەڵ لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی بکات و بیباتە ریزەکانی ریال مەدرید. خوشکی رۆناڵدۆش هەموو ئەو دەنگۆانە رەتدەکاتەوە کە باس لە ناکۆکی نێوان خۆی و براکەی دەکەن.

بەپێی ئەو بەڵگەنامە فەرمییەی رۆناڵدۆ، داهاتی 2015ی دۆن هەندێک زیاتر بووە لە بەهای کڕینی مێسی لە بارسیلۆنا.

لە لایەکی دیکەوە، دوای ئەوەی هەواڵی ناکۆکی نێوان رۆناڵدۆ و خوشکەکەی لە میدیای جیهانیدا بڵاوبووەوە، گوایە پاش ئەوەی هاوڕێی پێشووی کاتیای خوشکی رۆناڵدۆ، هەندێ قسەی لەسەر پەیوەندییە نهێنییەکانی نێوان خۆی و کاتیا لە ماڵی رۆناڵدۆ کردبوو، پەیوەندی نێوان دۆن و خوشکەکەی تێکچووەو قسەیان لەنێواندا نەماوە. بەڵام کاتیا ئەو قسانەی بە درۆ و قسەی هەڵبەستراو لە قەڵەمداو گوتی «ئەو قسانە هەمووی درۆن، نێوانی من و رۆناڵدۆ زۆر باشەو هیچ کێشەیەکمان لەنێواندا نییە، راستە وەک هەر خوشک و برایەک هەندێجار کێشە دەکەوێتە نێوانمان، بەڵام زوو ئاشت دەبینەوە». هەروەها کاتیا رووی قسەکانی لە دەزگاکانی راگەیاندن کردو گوتی «ئێوە ناتوانن خوشکایەتی و برایەتی نێوان من و رۆناڵدۆ تێکبدەن».

4

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (430) سێشەممە 2016/12/27 6ی بەفرانبار - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

تیپێکی بەهێز و هاوسەنگی دروستکردووەو هیوای بە لۆمباردییەکان بەخشیوەتەوە..

# رێوی فێڵباز

"مۆنتێلا کۆتایی بە سەردەمی تاریکی میلان دەهێنێت"



7

"سانچێز بەر لە 2018 دەمرێت"


6

## کوردێکی رۆژهەڵات یەکێکە لە بەناوبانگترین ناوبژیوانانی ئاسیا



2

## گووتی: مێسی هیچی نەکردووە



3

## براوەکانی (52)یەمین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی)

1ـ رێبین عەلی ساڵح
2ـ سیواس عەبدولوەهاب
3ـ هزر هۆگر موراد
4ـ لێزان ئیبراهیم حەمەدەمین
5ـ ناسیح رەسول ئیسماعیل

LOTTO

8



## بورۆسیا دۆرتمۆند داوای یاریزانێکی کورد دەکات

2



**گفتوگۆی کراوە**

لە هەنگاوێکی نوێی پەیجی فەرمی (رووداو سپۆرت) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، بەرنامەیەکی راستەوخۆ لەدایک دەبێت، کە گفتوگۆیەکی وەرزشیی کراوە دەبێت. بەرنامە لایڤەکەی پەیجی (رووداو سپۆرت) ماوەی کاژێرێک بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن هەردوو کارمەندی تۆڕی میدیایی رووداو، ئەحمەد سەنگاوی و هەرێز جەمالەوە پێشکەش دەکرێت و باس لە گرنگترین رووداوە وەرزشییەکانی رۆژ دەکەن. هاوکات شرۆڤەی تەواوی یارییەکانی خولە جیاوازەکانی ئەوروپا دەکەن. بەرنامەکە هەموو رۆژانی دووشەممە کاژێر 4:00ی ئێوارە پێشکەش دەکرێت.

### کاپتنی تیپی تازەپێگەیشتووانی یانەی ئەرمینیا بیلیفێلدە..

# بورۆسیا دۆرتمۆند داوای یاریزانێکی کورد دەکات



لەم پێکهاتەیەدا (رێبەر باپیر) نیشانەی کاپتنیی تیپەکەی بەستووە



## «رێبەر باپیر بەم نزیکانە درێسی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لەبەردەکات»

**هەرێز جەمال**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

بەهۆی ئاستبەرزییەکەی لە 2 وەرزی رابردوو لە ریزی تیپەکانی تازەپێگەیشتووانی یانەی ئارمینیا بیلیفێلدی ئەڵمانی، یاریزانێکی تازەپێگەیشتووی کورد دەبێتە جێی بایەخی بەرپرسانی یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی و دەیانەوێ بیبەنە ریزەکانی یانەکەیان.

یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی بەنیازی گرێبەستکردنە لەگەڵ رێبەر باپیر، کە یاریزانێکی تازەپێگەیشتووی ئەڵمانیایە و لە بنەڕەتدا خەڵکی باشووری کوردستانە. سەرچاوەیەکی نزیک لە ماڵباتی یاریزانە کوردەکەی ئارمینیا بیلیفێلد، تایبەت بە (رووداوی وەرزشی)ی گوت «ئەو یاریزانە ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەی ئارمینیا بیلیفێلد پێشکەش کردووەو بەو هۆکارەشەوە چەندینجار چاودێرانی یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی داوای یاریکردنیان لەو یاریزانە کوردە کردووەو گرێبەستیان پێشکەش کردووە، کە بەنیازن لە چەند مانگی داهاتوودا گرێبەستێک لەگەڵ رێبەر مۆر بکەن».

رێبەر باپیر، خانەوادەکەی لە بنەڕەتەوە دانیشتووی قەزای شنگالن، ئەو یاریزانە خاوەنی ولاتینامەی ئەڵمانیایەو پێشبینی دەکرێت لە پاڵاوتنەکانی داهاتووی جامی یۆرۆی تازەپێگەیشتووان بۆ یەکەمجار درێسی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لەبەربکات.

رێبەر باپیر، لەدایکبووی 2005/8/2ەو ماوەی 2 وەرزە لە ریزەکانی یانەی ئارمینیا بیلفید لە تیپی تازەپێگەیشتووان یاریدەکات، لە بەشی زۆری یارییەکانی ئەو یانەیەشدا بەشێوەیی سەرەکی یاریکردووە، تەنانەت راهێنەرەکەی بەهۆی ئاستبەرزی و رەوشتبەرزی رێبەر نیشانەی کاپتنیی تیپەکەی پێداوە، بەڵام یانەکەی لە ریزبەندی خولی تازەپێگیشتووان ئاستی باش نییەو ئێستا لە ریزبەندی چواردەهەمی خولەکە جێگیر بووە.

### بەهرەیەکی میللی..

# شیمال حەمید..
# ناوبژیوانێکی بەتوانا



**عومەر قاسم**
**رووداوی وەرزشی - شێخان**

لە هەموو یارییە وەرزشییەکاندا، بەتایبەتیش لە یاری تۆپی پێدا، ناوبژیوان هەمیشە رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، بۆیە هەمیشە ناوبژیوانەکان جێگەی سەرنج و تێڕوانینن بۆ جەماوەر و یاریزانان. هەر لە بەر ئەوەشە کە هەموو کەس ناتوانن روو لەو پیشە زەحمەتە بکەن.

شیمال حمید، یەکێکە لەو کەسانەی زۆر حەز لەو ئەرکە زەحمەتە دەکات، ئەو یەکێکە لە ناوبژیوانە دیارەکانی دەڤەرەکانی سەر بە قەزای شێخان، کە سەرپەرشتی و ناوبژیوانیی زۆربەی خول و یارییەکانی دڤەرەکە دەکات.

شیمال، لەبەرئەوەی شارەزاییەکی باشی لە ناوبژوانیکردنی یارییەکاندا هەیەو پاک و دڵسۆزانە لەنێو یاریگەدا کارەکانی ئەنجام دەدات، ئێستا رۆڵ و پێگەیەکی باشی هەیە لەنێو وەرزشوانانی دەڤەرەکەو جێگەی قبوڵی زۆربەی یایزانانی دەڤەرەکەیە.

شیمال حەمید، لەدایکبووی ساڵی 1988/7/1ە، لە کومەڵگای چرە، دەرچووی پەیمانگای وەرزشیی مامۆستایانە، ساڵی 2007 وەک مامۆستایەکی وەرزشیی لە قوتابخانە دامەزراوە. لە زۆربەی ئەو خولانەی لە قەزای شێخان دەکرێنەوە بەتایبەتی لە ناحیەی کەلەکچی، کومەڵگای چرە و ناحیەی قەسروک، شیمال وەک ناوبژیوان دەستنیشان دەکرێت.

شیمال حەمیدی ناوبژیوان، ئاواتی گەورەی ئەوەیە لە داهاتوودا ببێتە ناوبژیوانی خولی کوردستان، چونکە وەک خۆی دەڵێت «هیوا و ئاواتم ناوبژیوانیکردنی یارییەکانی تۆپی پێیە، بەتایبەتیش لە خولی کوردستان، چونکە یارییەکان پێویستیان بە ناوبژیوانی پاک و چالاک و دڵسۆز هەیە».

ئەو زۆر سەرسامە بە هاواردی ناوبژیوانی بەناوبانگی ئینگلیزی و هیواخوازە رۆژێک بگاتە ئاستی ئەو ناوبژیوانە نێودەوڵەتییە.

### هەڵگورد مەلا محەممەد، یاریزانی یانەی جەویە:

# خزمەتی کوردستان بکەین باشترە لە بەغداد

## «چەندین یانەی بەناوبانگ داوای گرێبەستیان لێکردووم»



**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە رووداوی ورەزشی**

هەڵگورد مەلا محەممەد، یاریزانی یانەی جەوییەی عێراقی بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «دەگەڕێمەوە ریزەکانی یانەی هەولێر و خزمەتی خۆمان بکەین باشترە لەوەی لە دەرەوەی کوردستان یاری بکەین».

## «دەگەڕێمەوە هەولێر لەبەرئەوەی بۆ من کوردستان لە هەموو شتێک گرنگترە»

هەڵگورد مەلا محەممەد، یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر، کە ماوەی 2 وەرزە ریزی یانەی وەرزشیی هەولێری جێهێشتووە، بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی رووی لە یانەی هەولێر کردبوو، ئەو بۆ ماوەی دوو ساڵە لە ریزی هەریەک لە یانەکانی نەفتی وەست و جەویە یاری دەکات، ئێستاش بەنیازە لە قۆناخی دووەمی خولەکە بگەڕێتەوە ریزی یانەی هەولێر.

وەک هەڵگورد، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند هەرچەندە چەند یانەیەک بەنیازی ئەوەن بیبەنە ریزی تیپەکانیان، بەڵام ئەو کوردستان بەباشتر دەزانێت و لەو بارەوە گوتی «پەنا بەخوای گەورە لە قۆناخی دووەمی خولی نایابی یانەکانی عێراقی دەگەڕێمەوە ریزی یانەی هەولێر و بە درێسی یانەکەوە یاری دەکەم».

لەبارەی هۆکاری هاتنەوەی بۆ هەولێر، هەڵگورد گوتی «ئێستا زۆر بێزارم، ماوەی 18 مانگە لە دەرەوەی کوردستانم، هەست بە بێزاری دەکەم بەتایبەتی کە دوورم لە ماڵ و منداڵ و خانەوادەکەم».

هەروەها گوتیشی «کوردستان بۆ من زۆر خۆشترە لە شاری بەغداد، هەرچەندە هیچ گرفتێکم نییە لەوێ، بەڵام ئاسودە نیم و دەمەوێ بە زووترین کات کارەکانم بۆ گەڕانەوە تەواو بکەم، هەرچەندە من لەگەڵ یانەی جەویە رێککەوتووم بۆ ئەوەی دەستبەرداربوونم پێبدەن».

هەڵگورد مەلا محەممەد، باسی ئەوەی بۆ (رووداوی وەرزشی) کرد کە چەندین یانە خوازیارن گرێبەستی لەگەڵ بکەن و گوتی «لەلایەن چەندین گەورە یانەی عێراقەوە گرێبەستم پێشکەشکراوە بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، لەوانەش زەورا و بەغداد، بەڵام وەڵامی کەسیانم نەداوەتەوە، چونکە چیدی ناتوانم دوور لە خانەوادەکەم یاری بکەم، وەک کوڕە کوردێک دەمەوێ خزمەت بە یانەی وەرزشیی هەولێر و تۆپی پێی کوردستان بکەم، خزمەتی خۆمان بکەین باشترە لەوەی بچین لە دەرەوە یاری بکەین».

هەروەها هەڵگورد لەبارەی جێهێشتنی ریزەکانی یانەی هەولێر، بەر لە 2 ساڵ، گوتی «کاتی خۆی بەناچاری یانەی هەولێرم جێهێشت، ئەگەرنا بۆ ماوەی 2 ساڵیش بەبێ بەرامبەر یاریم بۆ یانەی هەولێر کردووە».

ئەو یاریزانە کوردە نێودەوڵەتییە، کە پێشتر یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتیمانیی عێراق بوو، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە لای ئەو هیچ شتێک گرنگ نییە، بێجگە لەوەی بگەڕێتەوە کوردستان و خزمەتی وەرزش و تۆپی پێی کوردستان بکات «دەمەوێ بگەڕێمەوەو ئەوەی لە توانامدایە پێشکەشی وەرزشی کوردستان و یانەی هەولێری بکەم، بۆ من کوردستان لە هەموو شتێک گرنگترە، هەرچەندە هیچ گرفتێکم لەگەڵ یانەی جەویە نەبووە، بە رێککەوتنی هەردوولا وازم لێ هێناوە».

### موحەممەد رەحیم پوور، ناوبژیوانی کورد لە یاری زۆرانبازی..

# یەکێک لە بەناوبانگترین ناوبژیوانانی ئاسیا

«خاوەنی 12 بڕوانامەی نێودەوڵەتییە و بەشداری لە 30 پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتیدا کردووە»





**لە تارانەوە**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

موحەممەد رەحیم پوور، لەدایکبووی ساڵی 1975ی شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو ئێستا یەکێکە لە بەناوبانگترین ناوبژیوانانی ئێران و ئاسیا لە یاری زۆرانبازی. خاوەنی 12 بڕوانامەی نێودەوڵەتییە و وەک ناوبژیوان بەشداری لە زیاتر لە 30 پاڵەوانیەتیدا کردووە.

### وەک یاریزان

موحەممەد رەحیم پوور، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە وەرزشی زۆرانبازی بووە، بۆیە هەر لە سەردەمی خوێندکاریدا چ وەک خوێندن چ وەک وەرزشوان، یەکێک بووە لە چالاکترین قوتابیانی نێو هاوڕێکانی. دەستپێکی چالاکی وەرزشییەکانی بۆ ساڵی 1990 دەگەڕێتەوە، کە ئەوکات لە قۆناخی ناوەندی دەیخوێند. ئەوکات وەک یاریزانێک بەشداری لە چەندین خول و پاڵەوانیەتی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی دەکردو هەمیشە پلەی یەکەمی بەدەستدەهێنا. لە قۆناخی زانکۆشدا یاریزانی تیپی زانکۆ بوو، بەشداری لە چەندین خول و پێشبڕکێدا کردووە.

### وەک راهێنەر

لەگەڵ تەواوبوونی قۆناخی کارناسی لە شاری سەقز وەک مامۆستای وێژە سەرقاڵی خزمەتکردن بوو. ساڵی 1998 بەشداری لە خولی راهێنەرایەتی یاری زۆرانبازی کردو بڕوانامەی راهێنەریی لە فیدراسیۆنی زۆرانبازی ئێران وەرگرت. بەڵام بەهۆی ئەوەی محەممەد رەحیم پوور زیاتر حەزی لە ناوبژیوانیی ئەو یارییە دەکرد، بڕیاریدا ئەمجارە بەختی خۆی لەو پیشە نوێیەدا تاقی بکاتەوە. وەک خۆی گوتی «زیاتر حەزم لە ناوبژیوانی بوو، نەک راهێنەرایەتی، بۆیە بڕیارمدا ببمە ناوبژیوانی یاری زۆرانبازی».

### وەک ناوبژیوان

دەستپێکی چالاکی موحەممەد رەحیم پوور لە کاری ناوبژیوانیی بۆ ساڵی 1998 دەگەڕێتەوە، کە لە ژێر چاودێری فیدراسیۆنی زۆرانبازی ئێراندا بووە ناوبژیوانی پلە سێی نەتەوەیی. ئینجا دوای ساڵێک بەشداری لە خولێکی دیکەدا کردو بووە ناوبژیوانی پلە دووی نەتەوەیی، دوای ئەوەی پلەی یەکەمی خولەکەی بەدەستهێنا. لە ساڵی 2001 بووە ناوبژیوانی پلە یەکی نەتەوەیی.

موحەممەد رەحیم پوور، بۆ (رووداوی وەرزشی) باس لەوە دەکات کە ساڵی 2001 بە بەدەستهێنانی نمرەی باڵا، پلەی تایبەت و جیاوازی وەرگرتووەو ساڵی 2004 لەلایەن فیدراسیۆنەوە بانگهێشتی گشتی بۆ تەواویی ناوبژیوانانی باڵا ئەنجام درا، کە 200 کەس بوون لە سەرانسەری ئێران، بۆ دەستنیشانکردنی 7 ناوبژیوان بۆ بەشداریکردن لە خولی نێودەوڵەتی لە ئەرمەنستان. وەک محەممەد رەحیم پوور، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «توانیم بە بەدەستهێنانی پلەی سێیەم ببمە یەکێک لەو 7 ناوبژیوانەی دەستنیشانکراین بۆ بەشداریکردن لە خولی نێودەوڵەتی لە ئەرمەنستان، کە بە شانازییەوە نمرەی ناوبژیوانی 3ی نێودەوڵەتیم بەدەستهێنا و بڕوانامەی دیبلۆمی ئیفتخاری لە فیدراسیۆنی جیهانی بۆ یەکەمجار لە مێژوویی زۆرانبازی شاری سەقز لە ساڵی 2007 وەرمگرت».

دواتر بەشداری لە خولی تاقیکردنەوەی ئۆکرانیا 2008 کردووەو ئینجا ناوبژیوانیی خولی وڵاتانی عەرەبی ساڵی 2010 لە دۆحەی پایتەختی قەتەر کردووە. ساڵی 2011 وەک ناوبژیوان بەشداری لە پاڵەوانیەتی زۆرانبازی جیهان بۆ لاوان کردووە.

محەممەد رەحیم پوور، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «لە ساڵی 2012 لە کێبرکێکانی جامی تەختی بەشداریم کردو نمرەی 1ی نێونەتەوەیی و دیبلۆمی ئیفتیخاریم لە ژێر چاودێری فێرکارانی فیدراسیۆنی جیهانی زۆرانبازی بۆ جاری یەکەم لە مێژوویی وەرزشیی کوردستان وەرگرت، کە نمرەی 1ی نێونەتەوەیی باڵاترین نمرەی ناوبژیوانییە لە فیدراسیۆنی جیهانی».

لە ساڵی 2014 بەشداری لە پاڵەوانیەتی تازەپێگەیشتووانی ئاسیا لە تایلاند و خولی یانەکانی جیهان لە زۆرانبازی ئازاد کردووەو ساڵی 2015 بەشداری لە پاڵەوانیەتی لاوانی رۆژئاوای ئاسیا کردووە

تاوەکو ئێستا ئەو ناوبژیوانە کوردە، ناوبژیوانیی بۆ زیاتر لە 95 کێبرکێ و پاڵەوانیەتی وڵاتی ئێران و پاڵێوراویی بۆ هەڵبژاردەی نەتەوەیی ئێران کردووە. بەشداری لە زیاتر لە 30 پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی کردووە، وەک پاڵەوانیەتی ئاسیا و لاوانی رۆژئاوای ئاسیا، خولی یانەکانی جیهان لە هەنگاریا و کێبرکێکانی خولی جیهانی زۆرانبازی فەرهەنگی ساڵی 2016 لە (ئێران - شیران)، کە لەو کێبرکێیەدا تەنیا 12 ناوبژیوان لە تەواویی جیهان ناوبژیوانییان کردووە، کە دوای کێبرکێکانی ئۆڵیمپیاد لە گرنگترین کێبرکێکانی جیهانە.

موحەممەد رەحیم پوور، ئێستا خاوەنی ماستەری زمان و وێژەی زمانی فارسییە، مامۆستای راهێنان و پەروەردەیە لە زانستگەی پەیام نووریی سەقز.

رووداو وەرزشی
ژمارە (430)
سێشەممە 2016/12/27




## شۆک

رۆژنامەکانی فەرەنسا باس لە ڕووداوێک دەکەن، ئەگەر ببێتە واقیع هەموو لایەک تووشی شۆک دەکات. ئەو رۆژنامانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی دەیەوێ ئارسین ڤینگەری ڕاهێنەری فەرەنسی یانەی ئارسینالّی ئینگلیزی رازی بکات لەجیاتی لویس ئێنریکی ئەرکی ڕاهێنەرایەتی بارسا وەربگرێت. وەک ئەو رۆژنامانە باسیدەکەن، یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی بیر لەوە دەکاتەوە ڤینگەر بکاتە ڕاهێنەری خۆی، بۆیە بەرپرسانی بارسا دەیانەوێ بەر لە یانەی پاریسی ڤینگەر رازی بکەن ببێتە ڕاهێنەری بارسێلۆنا.

«زۆر دڵخۆشم کە دەبینم باڵۆن دۆرەکەی ڕۆناڵدۆ هاندەرانی بارسا ئازار دەدات»

# گووتی: مێسی هیچی نەکردووە

**گووتی: ئەوەی مێسی کردی ڕۆناڵدۆ و بەیڵ و مۆدریچیش دەیکەن**



## ماسکارۆ: ئەوان چەند ساڵێک جارێک ئەوە دەکەن، بەڵام مێسی لە یارییەکدا دووجار دەیکات

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

گووتی ماریا هێرناندێز، کاپتنی پێشووی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، جارێکی دیکە قسە لەسەر لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنا دەکات و هاندەرانی یانە کەتالۆنییەکە لەسەرانسەری جیهان تووڕە دەکات و دەڵێت «ئەو گرتەیەی مێسی لە یاری ئیسپانیۆلدا کردی، کە 4 یاریزانی لە ڕووبەڕێکی کەمدا بڕی شتێکی ئەوەندە سەیر نەبوو».

گووتی، کە بەوە ناسراوە لە سەردەمی یاریکردنی خۆی و دوای وازهێنانیش بە لێدوانەکانی زۆرترین ڕقی لە بەرامبەر مێسی و بارسێلۆنا هەیە، لەبارەی ئەو گرتەیەوە گوتی «مێسی شتێکی وای نەکردووە کە هەموو جیهان بەو شێوەیە باسی بکات، ئەوەی مێسی کردی زۆر یاریزانی دیکەش دەتوانن بیکەن، وەک کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، گاریس بەیڵ و لۆکا مۆدریچ و تەنانەت نەیمار دا سیلڤاش». گووتی لەو بارەوە زیاتر گوتی «بێگومان مێسی یاریزانێکی گەورەیە و گرتەیەکی جوانی ئەنجامدا، بەڵام هیچ شتێکی وا ناوازەو خەیاڵی نەکردووە، کە هەموو بەمشێوەیە سەرسوڕمانی خۆیان نیشان بدەن».

لویس ماسکارۆ، کە ڕۆژنامەنووسێکی کەتالۆنییەو ئەویش بە دوژمنێکی سەرسەختی مەدریدییەکان ناسراوە، نەیتوانی لە بەرامبەر قسەکانی گووتییدا بێدەنگ بێت و لە وەڵامیدا ڕایگەیاند «ڕاستە ڕۆناڵدۆ و بەیڵ و مۆدریچ دەتوانن ئەو کارە بکەن، بەڵام ئەوان چەند ساڵێک جارێک ئەو کارە دەکەن، کەچی مێسی لە یارییەکدا دەتوانێت دووجار یان زیاتریش ئەو کارە بکات».

گووتی، بەوەندەش ڕانەوەستاو هێرشێکی توندتری کردە سەر هاندەرانی بارسێلۆنا و ڕایگەیاند کە ئەو بە نیگەرانبوونی هاندەرانی بارسێلۆنا دڵخۆش دەبێت و گوتی «زۆر دڵخۆشم بەوەی کە دەبینم بردنەوەی باڵۆن دۆر لەلایەن کریستیانۆ ڕۆناڵدۆوە هاندەرانی بارسێلۆنا ئازار دەدات». هەروەها ئەو کۆنە یاریزانەی ڕیال مەدرید بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانەوە گوتیشی «هاندەران و ڕۆژنامەکانی بارسێلۆنا چیدەڵێن؟ هیچیان لەبەردەست نییە بیڵێن بێجگە لەوەی (مێسی باشترینە)، باشترینی چی؟! ئەوە دەنگدانەو هەموو خەڵک دەنگی بە ڕۆناڵدۆ داوە».

«ڕێز لە دۆزەخی سان پاولۆ دەگرم»

# ڕیال مەدرید لە جەهەننەم یاریدەکات

**ئا: رووداوی وەرزشی**

تۆماس ڕۆنسیرۆ، ڕاگەیاندنکاری بەناوبانگی مەدریدی، کە بە دوژمنێکی سەرسەختی یانەی بارسێلۆنای ڕکابەری ڕیال مەدرید ناسراوەو هەمیشە ڕاشکاوانە باس لە ڕقی خۆی بۆ یانە کەتالۆنییەکە و یاریزانەکانی نیشان دەدات، لە وتارێکدا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە، کە دەڵێن «هەمیشە تیروپشکی پاڵەوانیەتییەکان، بەتایبەتیش چامپیۆنسلیگ لە بەرژەوەندی ڕیال مەدرید دایە».

ئەو لە وتارەکەیدا دەڵێت «پاروویەکی چەور! نا بەڵکو بەردی گرانبەها، ئەوە پێشبینی لویس ئێنریکی بوو، بۆ تیروپشکی چامپیۆنسلیگی تایبەت بە ڕیال مەدرید، بە ئاشکرا وای نەگوت، بەڵام هێمای بۆ کرد، ئێستا تیروپشکەکە کرا و مەدریدش ڕووبەڕووی ناپۆلی دەبێتەوە».

ڕۆنسیرۆ، پێیوایە ناپۆلی یانەیەکی ئەوەندە ئاسان نییە وەک ئەوەی کەتالۆنییەکان بۆی دەچن و دەڵێت «ناپۆلی دووەم بەهێزترین ئەگەر بوو بۆ ڕیال مەدرید دوای یوڤانتۆس، لەبارەی ئارسیناڵەوە پرسیارم لێمەکەن، چونکە ئەو یارییەکی نایاب و جیاواز پێشکەش دەکات، بەڵام باسی بارودۆخە ئەستەمەکان دەکەم». ئەو ڕاگەیاندنکارە مەدریدییە، پێیوایە یاریکردن لە یاریگەی ناپۆلی لە جەهەننەم دەچێت «ڕووبەڕووبوونەوەی ئیتاڵییەکان نیگەرانم دەکات، ئەوەی زیاتر نیگەرانم دەکات ئەوەیە، یاری چوون لە (سانتیاگۆ برنابیۆ)، یاری گەڕانەوەش لە دۆزەخی (سان پاولۆ) دەبێت، جەماوەر لەوێ بە هەموو هێزی فشار دەکات، نەخاسمە بەرامبەر تیپە گەورەکان».

ڕۆنسیرۆ، لە درێژەی وتارەکەیدا یاریزانانی ناپۆلی بە چەتەی برسی ناودەبات و نووسیویەتی «ڕاستە ڕۆیشتنی هیگواین لە ناپۆلی خزمەتی ڕیال مەدرید دەکات، لەلایەنی هونەرییەوە، چونکە (بیبیتا) هێرشبەرێکی گۆڵکەرە و هەموو نهێنییەکانی تیپەکەمان دەزانێ، بەڵام ناکرێ خاو بین لەگەڵیاندا، لەوێ ئینسینی، هامسیک و ئەوانی دیکە هەن، ئەو تیپە چەند چەتەیەکی ڕاستەقینەی هەیە، کە بەڕاستی برسین، دەیانەوێ دەستکەوت بەدەستبێنن و هیچیان نییە بیدۆڕێنن». هەروەها دەشڵێت «هەرگیز یاری 1 ـ 1 گۆڵ لەبیر ناکەم، هۆگۆ سانچێز ئۆڤەرێکی جوان دەکات و پوتراگینۆش گۆڵ تۆمار دەکات، ئەوە لە خەیاڵی هەموو مەدریدیستاکان دەمێنێتەوە، مارادۆنا و کاریکا هیچیان نەکرد. بەشێوەیەکی گشتی، شتەکان ئەمجارە جیاواز دەبن، دەبێت خاکی بین و ڕێزی زۆر لەو یاریگە بگرین، لەوانەیە یاری گەڕانەوە جەنگێکی ڕاستەقینە بێت، بۆیە دەبێت لە پێشەوە بە ئەنجامێکی باش لە برنابیۆ ببینەوە».

«یاریزانانی ناپۆلی وەک چەتەی برسی دەجەنگن»



بۆ مێژوو..

# پێلێ بۆ گریانی باوکی جیهانی داگیرکرد



**ئا: رووداوی وەرزشی**

لە مێژووی تۆپی پێدا، هەندێک ڕووداو و بەسەرهات ڕوویانداوە، تاوەکو جیهان مابێت، ئەو ڕووداوانە هەر بە بەشێکی لەبیرنەکراو لە مێژووی تۆپی پێدا دەمێننەوە.

* ساڵی 1950 پێلێی ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیل، کە ئەوکات منداڵێکی تەمەن 10 ساڵان بوو، بینی باوکی دەگرییێت بەهۆی دۆڕاندنی بەرازیل لە یاری کۆتایی مۆندیال بە هەڵبژاردەی ئۆرۆگوای، چووە لای باوکی و پێیگوت «مەگریێ باوکە، بەڵێن بێت کە گەورە بووم جامی جیهانیت بۆ بێنمەوە». هەر ئەوەش ڕوویدا، بەڵکو پێلێ توانی 3 جامی جیهانی بۆ بەرازیل بباتەوە. دوای هەمان یاری، لە بەرازیل 17 کەس، لە خەفەتی دۆڕاندنەکە خۆیان کوشت و حکومەتی بەرازیلی پرسەی نیشتیمانیی ڕاگەیاند.

* جۆسێپی میاتزا، یاریزانی پێشووی یانەی ئینتەرمیلان، کە ئەو یانە ئیتاڵییە ناوی یاریگەکەی لەبەر ئەو کردووەتەوە «جۆسێپی میاتزا»، لە یارییەکی یانەکەیدا، بەر لەوەی بچێتە یاریگە خەوی لێکەوت، کە بەئاگاهاتەوە 3 خولەک مابوو یارییەکە دەستپێبکات، بەخێرایی خۆی گەیاندە یاریگەو توانی بۆ گێمی دووەم بەشداری لە یارییەکەدا بکات، بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئەوەبوو کە میاتزا لەو گێمەدا توانی هاتریک بۆ ئینتەرمیلان تۆمار بکات.

* ڕۆبی فاولەری هێرشبەری پێشووی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، ساڵی 1994 خێراترین هاتریکی لە مێژووی تۆپی پێدا تۆمارکردووە، کە بە تەنیا 4.5 خولەک 3 گۆڵی لە یانەی ئارسیناڵ تۆمارکرد.

* تێری هێنری هێرشبەری فەرەنسی، کە پێشتر بۆ یانەکانی ئارسیناڵی ئینگلیزی و بارسێلۆنای ئیسپانی یاریکردووە، لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپادا 5 لێدانی سزای لەدەستداوە، کە لە مێژووی ئەو پاڵەوانیەتییەدا هیچ یاریزانێک ئەوەندە لێدانی سزایەی لەدەست نەداوە.

* لەوەتەی ساڵی 1960ەوە، واتە 56 ساڵە ڕیکۆردێکی تایبەت بە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، بەناوی فرێنتس پۆشکاشی ئەفسانەی تۆپی پێی هەنگارییەوە ماوەتەوەو کەس نەیتوانیوە بیشکێنێت، کە ئەو یاریزانە بە تۆمارکردنی 4 گۆڵ خاوەنی زۆرترین ژمارەی گۆڵە لە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپادا.

«ڕۆبی فاولەر بە 4.5 خولەک هاتریکی لە ئارسیناڵ تۆمار کردووە»






## درۆیە

ئیڤان راکیتیچی یاریزانی کرواتی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، لە پۆستێکدا لەسەر تویتەرەکەی هەموو ئەو دەنگۆانەی رەتکردەوە کە باس لەوە دەکەن گوایە ئەو یاریزانە دەیەوێ لە بارسا بروات و لە میرکاتۆی زستانەدا پەیوەندی بە یانەیەکی دیکەوە بکات. راکیتیچ لەو بارەوە گوتی «درۆیە، ئەوەی ئەو قسانە بەناوی منەوە دەکات بەرپۆەبەری پێشووی کارەکانمە، کە ئێستا ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نەماوە، قسە و لێدوانەکانی ئەو هیچ پەیوەندییەکیان بە منەوە نییە، من هەرگیز نامەوێ لە بارسا برۆم».



### ئەتلەتیک بلباو بە تەنیا نییە..
# تەنیا بۆ باسکییەکان

رووداوی وەرزشی ـ LIGA4EVER

«ئێرە باسکە» وتەیەکی راستی سەر زەمینە، چیرۆکەکە ئەوەیە هەندێ تیپ تەنیا رێگە بەو یاریزانانە دەدەن، لە ریزەکانیان یاری بکەن، کە سەر بە هەرێمی باسکی ئیسپانین، بەناوبانگترینیان ئەتلەتیک بلباوە، کە لە خولی لیگای ئیسپانی یاری دەکات، هەروەها یانەی ئیبار، کە ئەویش ئەمساڵ لە لالیگا یاری دەکات.

پرسیارەکە لێرە ئەوەیە: ئایا لە جیهاندا تیپی دیکە هەیە هەمان سیاسەتی ئەتلەتیک بلباو پەیرەو بکات؟. وەڵامەکە دەڵێت «بەڵێ، لەوانە تیپەکانی دیپۆرتیڤۆ دۆ گوادالاخارا، کە بە ناوی (شیفان)یش ناسراوە، کە بە زمانی ئیسپانی لە مەکسیک بە مانای بزن دێت». ئەو تیپە لە مەکسیک خاوەنی زۆرترین جەماوەرە.

شیفاز بۆ ماوەی یەک سەدە تەنیا یاری بە یاریزانانی هاووڵاتی خۆی دەکرد، خاوەنی یانەکە جۆرج فیرگارای ملیونێرە، کە بزنسمان و بەرهەمهێنەری سینەماییە، خاوەنی دوو یانەی دیکەشە بە ناوەکانی دیپۆرتیڤۆ دو سابریسای کۆستاریکی، کە لە جامی مۆندیالی یانەکان بەرامبەر لیڤەرپوولی ئینگلیزی دۆڕا، لەگەڵ دیپۆرتیڤۆ شیفاز کە لە خولی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یاری دەکات. تیپی سابریسا تەنیا بەشداری بە یاریزانانی کۆستاریکی دەکات، هەرچی شیفازە بەنیاز بوو بەشداری بە دوو یاریزان بکات، کە هەڵگری رەگەزنامەی مەکسیکین، بەڵام یاسای تۆپی پێی ئەمریکی رێگە بەمە نادات. بەڵام لە کاتی رێگەدان بە هەموارکاری لە ساڵی 2005 هەموو یاریزانانی تیپەکە بە زمانی ئیسپانی قسەیان دەکرد، تەنیا چواریان نەبێت کە خەڵکی مەکسیک بوون و بە زمانی ئیسپانی قسەیان دەکرد، هەروەها راهێنەری تیپەکەش تۆماس رۆنگنی هۆڵەندی فێری زمانی ئیسپانی ببوو.



### هەر کەسێ نهێنییەکی
### دۆن ئاشکرا بکات..
# 5 قاتی مووچەکەی سزا دەدرێت

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەڤانی، باس لە نهێنییەکی ژیانی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دەکەن و دەڵێن «هەر کەسێ نهێنییەکی ژیانی دۆن ئاشکرا بکات، 5 قاتی ئەو مووچەیە سزا دەدرێت کە پێیدراوە».

ئەو راپۆرتانە هەندێ بڕگەی رێککەوتنێکی نهێنیان ئاشکرا کردووە، کە کریستیانۆ رۆناڵدۆ لەگەڵ ئەو کەسانە کردوویەتی، کە لەلای ئەو کار دەکەن.

هەردوو رۆژنامەی دێر شپیگلی ئەڵمانی و ئەلمۆندۆی ئیسپانی هەندێ نهێنی ئەو رێککەوتنەیان ئاشکرا کردووە، هەردووکیان دووپاتی دەکەنەوە، رۆناڵدۆ لە ساڵی 2012 داوای لەو فەرمانبەرانە کردووە، کە لەلای ئەو لە ماڵەکەی کاردەکەن، رێککەوتنێک واژوو بکەن، بە گوێرەی ئەو رێککەوتنە ناتوانن هیچ زانیارییەکی تایبەت بە ژیانی دزە پێبکەن، تەنیا دوای 70 ساڵ لە مردنی، یان مردنی دوایین تاکی خێزانەکەی نەبێت.

هەردوو رۆژنامەکە هەروەها باس لەوەش دەکەن، کە بەپێی ئەو رێککەوتنە ئەوەی سەرپێچی ئەو رێککەوتنەش بکات، ناچار دەبێت هێندەی 5 قاتی مووچەکەی خۆی وەک غەرامە بدات.

... بە داهاتی ساڵێکی
...ێت 53 ئۆتۆمبێلی
...ینی و 31293 ئایفۆن
...پلاس بکرێت"

### بە بەراورد لەگەڵ مووچەکەی پارەیەکی زۆر نییە..
# نەیمار بای 2.1 ملیۆن یۆرۆ ئۆتۆمبێلی هەیە



رووداوی وەرزشی ـ SAMBA

رۆژنامەکانی ئیسپانیا ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەیان ئاشکراکرد، کە لە گەراجی ئەستێرەی بارسیلۆنا، نەیمار دا سیلڤا راگیراون، دەرکەوتووە نەیمار زیاتر لە 10 ئۆتۆمبێلی هەیە، کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری فیراری (سپایدەر 458) لە سەرووی هەموویانەوەیە.

سەرچاوەیەکی رۆژنامەڤانی ئاشکرایکرد، نەیمار پێش چەند رۆژێک تووشی رووداوێکی هاتوچۆ بوو. هەمان سەرچاوە دەڵێت «نەیمار چەندین ئۆتۆمبێلی لە جۆری ئۆدی هەیە، کە دواترینیان ئەوەبوو، لەگەڵ هاورێکانی لەلایەن ئەو کۆمپانیا ئەڵمانیایە وەریان گرت، کە سپۆنسەری تیپەکەیە، بێجگە لەوەی ئۆتۆمبێلێکی دیکەی لە جۆری (پۆرش پانامیرا)ی هەیە، لەتەک چەندین مارکەی دیکە».

ئەگەر لێکدانەوەیەکی سادە بکەین، دەردەکەوێت کە بەهای ئۆتۆمبێلەکانی نەیمار لە 2.1 ملیۆن یۆرۆ رەتدەدات، ئەو ژمارەیەش بە بەراورد بە مووچەی ساڵانەی، کە بڕەکەی 15 ملیۆن یۆرۆیە هەر هیچ نییە، ئەوەش بەدڵنیاییەوە لە داهاتە خەیاڵییەکانی دوورە، ئەوەی لە رێکلامکردن و وەبەرهێنان دەستیدەکەوێت، ئەوانەی بەتایبەتی لە وڵاتەکەی بەرازیل ئەنجامیان دەدات.

دوای ژماردنی ئۆتۆمبێلەکانی نەیمار، ماڵپەری ئەسیێرتۆی ئیسپانی تایبەت لە بواری دڵنیایی، بڕی ئەو پارەیەی ئاشکرا کرد، کە نەیمار بۆ دڵنیایکردنی هەموو ئۆتۆمبێلەکانی دەیدات، ئەویش خۆی لە 35 هەزار یۆرۆ دەدات بۆ ماوەی یەک ساڵی تەواو، بە لێکدانەوەیەکی سادە دەبینین نەیمار پێویستی بە رۆژێک کەمتر لە کۆی مووچەی ساڵانەی (15 ملیۆن یۆرۆ) هەیە، بۆ ئەوەی پارەی دڵنیایی ئۆتۆمبێلەکانی بدات، ئەوەش بە مەبەستی پاراستنی ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکانی لە هەموو مەترسییەک، وەک ئەوەی بەسەر ئۆتۆمبێلە لە دڵاشیرینەکەی (فیراری)دا هات، کە تووشی رووداوی دارووشان هات، لەو کاتەی نەیمار لە رێگەی چوونی بۆ بنکەی راهێنانەکان کۆنترۆڵی لەدەستدا.

### ...ەکانی هەفتە



هەقە تۆپی زێڕین بەناوی رۆناڵدۆ بکرێت و بۆ هەتا هەتایە مێسی لێی بێبەش بکرێت، چونکە ئەو شایەنی تۆپی ئەلماسە

دینا جرکس
(کچە رۆژنامەنووس لە یۆرۆ سپۆرت)



پێویستە نرخی ئۆبامیانگ لە نرخی مێسی و رۆناڵدۆ گرانتر بێت، ئەگەر پۆگبا بە 105 ملیۆن یۆرۆ بێت، دەبێ نرخی ئۆبامیانگ 150 ملیۆن یۆرۆ بێت

لۆسەر ماتیۆس
(کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)



ریال مەدرید هەر بە کڕینی رۆناڵدۆ گورزی لە مانچێستەر یونایتد نەداوە، بەیڵ و کرووسیش زۆر نزیکبوون ببنە یاریزانی مانچێستەر یونایتد، بەڵام ریال مەدرید پاشگەزی کردنەوە

داڤید مۆیس
(راهێنەری پێشووی مانچێستەر یونایت د)



چۆن هەندێک یاریزان بوونە قوربانی ئەوەی کە هاوسەردەمی کرۆیف، پێلێ و مارادۆنا بوون، کریستیانۆش بووە قوربانی ئەوەی هاوسەردەمی مێسییە

خاڤێر کلیمێنتی
(راهێنەری ناسراوی ئیسپانی)




زەینەدین زیدان غەدر لە هیچ یاریزانێکی خۆی ناکات، بەڵام بێگومان هەمیشە یاری بە باشترینەکان دەکات

کایلۆر ناڤاس
(گۆڵپارێزی یانەی ریال مەدرید)



ئەگەر بەر لە 10 عەقڵی ئێستام هەبووایە، ئێستا دیاردەیەکی زۆر گەورەی جیهانی تۆپی پێ دەبووم

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ
(هێرشبەری یانەی مانچێستەر یونایتد)



سوپرایز

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئاشکرایکرد گاریس بەیلی ئەستێرەی وێلزی ئەو یانەیە سوپرایزێکی گەورەی بۆ جەماوەری ریال مەدرید پێیە. بەپێی ئەو سەرچاوەیە پزیشکان پێشبینی دەکەن بەیل زۆر خێراتر لەو ماوەیەی بۆیان دانابوو بگەڕێتەوە نێو یاریگەکان. ئەو سەرچاوەیە گوتی «لەبەرئەوەی بەیل لە ماڵەوەش مەشقی زۆری کردووە، بۆیە زۆر خێراتر لەو ماوەیەی بۆی دانرابوو چارەسەر دەبێت و پێشبینی دەکرێت لە 2017/3/7 لە یاری گەڕانەوەی قۆناخی 16ی چامپیۆنسلیگ بەرامبەر ناپۆلی ئیتاڵی یاری بکات».

3 گەڕە بەهێزەکەی بۆکسینگ دەیز وەک شەڕە بۆکسە لەنێوان یانەکانی پریمەرلیگدا..

# «بۆکسینگ دەیز» و چارەنووسی تایتڵی پریمەرلیگ!



**ڕێبوار ئەندازیار**

بەر لە دەستپێکردنی ئەم هەفتەیە، هەموو خولەکانی تۆپی پێی وڵاتانی ئەورووپا بۆ ماوەی 2 هەفتە وەستان، بەهۆی ئاهەنگەکانی کریسمێس و سەری ساڵی زایینی، بەڵام لە ئینگلتەرا و تەنیاش لە ئینگلتەرا یارییەکانی پریمەرلیگ 3 گەڕی لێ ئەنجام دەدرێت (دوێنێ یەکێکیان بەڕێوەچوو)، لە ماوەی کەمتر لە دوو هەفتە، ئەو ڕۆژانەیش بە «بۆکسینگ دەیز» ناسراون!!

واتای ئەو ڕۆژانە لە ناوەکەدایە، کە 3 گەڕی بەهێز وەک شەڕە مست لەنێوان هەموو یانەکان دەبێت، یانەکانی پێشەوەی ریزبەندی ئەوەی لەو ڕۆژانەدا کەمترین خاڵ بفەوتێنێ و بتوانێت پارێزگاری لە زۆرترین یاریزانەکانی بکات، ئەوا تا ڕاددەیەکی زۆر دەتوانێت ڕکابەری بکات لەسەر تایتڵەکە، یانیش ئەوەیە کە ئومێدی بۆ تایتڵ زۆر کەم دەبێت، یانەکانی کۆتایی ریزبەندیش ئەوەی بتوانێت لەو ڕۆژانەدا هەستێتەوە ئەوا دەربازی دەبێت لە ناوچە ترسناک و خەتەرەکان!.

«بۆکسینگ دەیز»، لە ڕۆژی دووشەممە 2016/12/26 دەستیپێکرد بە ئەنجامدانی یارییەکانی گەڕی 18، کە تێیدا چاوەکان بەزۆری لەسەر چێڵسی بوون، بەو پێیەی لە پێشەنگە!!

لە ڕۆژانی 30 و 2016/12/31 و 2017/1/1 گەڕی 19 ئەنجام دەدرێت، کە لەوێ چاوەکان لەسەر یاری (لیڤەرپوول ـ مانچستەر ستی) دەبن، لە یاریگەی ئانفیلد لە ڕۆژی شەممە 2016/12/31 کاژێر 8:30ی ئێوارە بە کاتی باشووری کوردستان، هەروەها گەڕی 20یش لە ڕۆژانی 2 و 3 و 2017/1/4 ئەنجام دەدرێت، کە تێیدا یاری لوتکەی نێوان (تۆتنهام ـ چێڵسی) لە یاریگەی وایت هارت لەین، کاژێر 11:00ی شەو بە کاتی باشووری کوردستان!.

هەموو یانەکان لەو ڕۆژانەی بۆکسینگ دەیزدا بەهۆی قەڵەباڵخی خشتەی یارییەکان و پشووی کەم و ماندووبوونی یاریزانەکان دەکەونە ژێر فشارێکی زۆری دەروونی و جەستەیی، ئەمەش وا دەکات هەموو یانەکان تەرکیزیان کەم بێتەوە و بە ئاسانی خاڵ لەدەستبدەن، بۆیە لەم ڕۆژانەدا یانەکانی مانچێستەر یونایتد، مانچێستەر ستی و تۆتنهام دەتوانن بێنەوە نێو ململانێکان لەگەڵ چێڵسی، لیڤەرپوول و ئارسیناڵ!! هەروەها لە ململانێکانی کۆتایی ریزبەند یانەکانی هاڵ ستی، سوانزی ستی و ساندەرلاند دەتوانن هەل بقۆزنەوەو لە ناوچەکانی کۆتایی دوورکەونەوە!!.

پاش 2017/1/4 پریمەرلیگ بۆ ماوەی 10 ڕۆژ دەوەستێت تاوەکو 2017/1/14، بەڵام لەو 10 ڕۆژەشدا یانەکان پشوو نادەن و چاوەڕوانی گەڕێکی بەهێزی جامی یەکێتی ئینگلیزی دەکەن، دوای دەستپێکردنەوەی پریمەرلیگیش دووبارە سەرکەشی و خۆشییەکانی دستپێدەکەنەوە، چونکە هەر لە گەڕی 21 و 22 ژمارەیەک یاری لوتکە ئەنجام دەدرێن، لەوانەش یاری (لیستەر ستی و چێڵسی) لە ڕۆژی 2017/1/14 و یاری (ئێڤێرتۆن ـ مانچێستەر ستی) و یاری (مانچێستەر یونایتد ـ لیڤەرپوول)، لە ڕۆژی 2017/1/15. هەروەها یاری (مانچێستەر ستی ـ تۆتنهام) لە ڕۆژی 2017/1/21.

ئۆباڵ بە ملی فاڵگرەوە بەناوبانگە بەرازیلییەکە..

# سانچێز پێش مۆندیالی 2018 دەمرێت

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**


خۆزێ فیرێرا دی سانتۆس، فاڵگرەوەی بەرازیلی دووبارە مشتومڕی نایەوە، دوای ئەوەی پێشتر پێشبینی کەوتنی فڕۆکەکەی تیپی چاپیکۆینسی کردبوو، کە تێکشکاو بووە هۆی مردنی 76 کەس، لەوانە 19 یاریزان بوون.

ئەمجارە ئەو فاڵگەرەوەیە پێشبینی دەکات، پێش دەستپێکردنی مۆندیالی رووسیای 2018 ئەستێرەیەکی هەڵبژاردەی چیلی بمرێت، بەڵام ناوەکەی دەستنیشان نەکردووە، تەنیا دەڵێت «مردووەکە تیپەکە دەبێت». گومانەکان لەسەر ئەلیکسیس سانچێز، کلاودیۆ براڤۆ و ئەرتۆرۆ ڤیدالن، بەو پێیەی بەناوبانگترین ئەستێرەی بەناوبانگترینی ئەو هەڵبژاردەیەن. بەتایبەتیش سانچێز، کە ئێستا ئەو بەناوبانگترینیانە.

ئەو فاڵگرەوەو پزیشکە دەروونییە، ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد، دوای ئەوەی پێشبینی کارەساتەکەی تیپی چاپیکۆینسی بەرازیلی کرد، کە پێش یاری کۆتایی جامی کۆپا سود ئەمریکانا فڕۆکەکەیان کەوتە خوارەوە، فیرێرا لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی بەرازیلدا، دووپاتیکردەوە «ڕووداوێکی تێکشکانی فڕۆکە ڕوودەدات و دەبێتە هۆی کۆتایی هاتنی ژیانی تیپێکی بەناوبانگی تۆپی پێ لە بەرازیل».

خۆزێ فیرێرا، لەو هەڤپەیڤینە تەلەڤزیۆنییەدا دووپاتی کردەوە، ڕووداوەکە لە ماوەی ساڵ و نیوێک یان کەمتر ڕوودەدات، بەڵام ڕازی نەبوو ناسنامەی تیپەکە ئاشکرا بکات. ئەمەو پێشتریش فیرێرا پێشبینی کەوتنی هەڵبژاردەی بەرازیلی بە ئەنجامێکی ئابڕووبەرانە بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کردبوو، لەنیوەی کۆتایی مۆندیالی 2014، پێش سەرەتای پاڵەوانیەتییەکەش پێشبینی کردبوو نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی یەکەمی هەڵبژاردەی بەرازیلی تووشی پێکان دەبێت و کاروانی لە پێشبڕکێیەکە کۆتایی پێدێت.

دوای کەوتنی فڕۆکەکەی چاپیکۆینسیش، ئەو فاڵگرەوە تەمەن 53 ساڵییە دووبارە دەرکەوتەوە، ئەمجارە ترس و تۆقینی خستووەتە دڵی ئەستێرەکانی هەڵبژاردەی چیلی، پێش مۆندیالی رووسیای 2018. فیرێرا گوتی «ئەستێرەیەکی بەناوبانگی هەڵبژاردەی چیلی، کە لە ئەورووپا یاری دەکات، پێش مۆندیالی رووسیا دەمرێت، بەمەش بەشداری لەو مۆندیالەدا ناکات، ئەگەر هەڵبژاردەی وڵاتەکەی سەرکەوێت».



«فیرێرا پێشتر پێشبینی 7 گۆڵەکەی ئەڵمانیا لە بەرازیل و کەوتنی فڕۆکەی چاپیکۆینسی کردبوو»

هەموو یانەکانی پورتوگال لە یانەیەکی پلە 4 دەترسن..

# کانیلاس.. توندوتیژترین یانەی جیهان



**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

یانەی کانیلاس 2010، کە لە ریزی خولی یانە پلە چوارەکانی پورتوگال یاری دەکات، یەکێکە لە یانە هەرە توندتیژەکان لە مێژووی تۆپی پێدا، یاخود هەر توندوتیژترینە لە مێژووی ئەو یارییەدا، بۆیە هەموو یانەکان دەترسن یاری لەگەڵ بکەن.

ئەندامانی ئەو تیپە زۆربەیان سەر بە هاوبەندی دەمارگیری یانەی پۆرتۆن، ئەو تیپە توانی 11 یاری بباتەوە، بێ ئەوەی یەک یاریش بکات، ئەوەش بەهۆی ئامادە نەبوونی تیپەکانی بەرامبەری، کە پێیان باشترە بڕی 750 یۆرۆ وەک سزا بدەن، نەوەک یاریزانەکانی لەلایەن یاریزانانی ئەو تیپەوە تووشی توندوتیژی ببن.

سەرۆکی یانەیەک کە ڕووبەڕووی ئەو یانەیە بووەتەوە، دەڵێت «تووشی هەڕەشەلێکردن بووین، چاو لە تیمی ناوبژیوانیش سوور کرایەوە، بۆیە نەیانتوانی هیچ شتێک لە ڕاپۆرتەکەیان بنووسن»، هەرچی کاپتنی تیپی کانیلاسە گوتی «ڕاستە تیپەکەمان بە توندی یاری دەکات، بەڵام هەندێ کەس ڤیدیۆیەکان مۆنتاژ دەکەن و تەنیا ئەو گرتانە نیشان دەدەن، کە چوونە سەری هەندێ هاوڕێم نیشان دەدات، ئەوەش وایکردووە هەندێ کەس تۆمەتی تیپی توندوتیژمان پێوە بلکێنێت».

«11 یانە خۆیان بەدۆڕاندن داوە بۆ ئەوەی بەرامبەر کانیلاس یاری نەکەن»

KOREK Telecom

لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە
لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووك
لە کورەك




ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (ڕۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| ڕۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە

411
korektel.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| خولی ئینگلتەرا | لیڤەرپوول - ستۆک ستی | سێشەممە 27/12/2016 | 08:15 |
| یاری دۆستانە | کەتالۆنیا - تونس | چوارشەممە 28/12/2016 | 08:45 |
| خولی ئینگلتەرا | لیڤەرپوول - مانچێستەر ستی | شەممە 31/12/2016 | 08:30 |
| خولی ئینگلتەرا | ئارسیناڵ - کریستاڵ پالاس | یەکشەممە 1/1/2017 | 07:00 |

### خولی ئیسپانیا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ریال مەدرید | 37 |
| 2 ـ بارسێلۆنا | 34 |
| 3 ـ سڤیلیا | 33 |
| 4 ـ ڤیاریال | 29 |
| 5 ـ ریال سۆسیداد | 29 |
| 6 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 28 |
| 7 ـ ئەتلەتیک بلباو | 26 |
| 8 ـ ئیبار | 23 |
| 9 ـ ئیسپانیۆل | 22 |
| 10 ـ لاس پالماس | 21 |
| 11 ـ مەلەگە | 21 |
| 12 ـ ئالاڤێس | 21 |
| 13 ـ سێلتاڤیگۆ | 21 |
| 14 ـ ریال بیتیس | 18 |
| 15 ـ دیپۆرتیڤۆ | 16 |
| 16 ـ لیگانیس | 16 |
| 17 ـ ڤالێنسیا | 12 |
| 18 ـ خیخۆن | 12 |
| 19 ـ گرانادا | 9 |
| 20 ـ ئۆساسۆنا | 7 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ مێسی | بارسێلۆنا | 12 |
| 2 ـ سوارێز | بارسێلۆنا | 12 |
| 3 ـ رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 10 |
| 4 ـ ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 10 |
| 5 ـ ویلیان | ریال سۆسیداد | 9 |

* تاوەکو 2017/1/6 دەوەستێت.

### خولی ئینگلتەرا (ریزبەند)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/12/27** | |
| لیڤەرپوول ـ ستۆک ستی | 08:15 |
| **چوارشەممە 2016/12/28** | |
| ساوسهامتۆن ـ تۆتێنهام | 10:45 |
| **هەینی 2016/12/30 (هەفتەی 19)** | |
| هاڵ ستی ـ ئیڤێرتۆن | 11:00 |
| **شەممە 2016/12/31** | |
| چێڵسی ـ ستۆک ستی | 06:00 |
| بێرنلی ـ ساندێرلاند | 06:00 |
| لیستەر ستی ـ وێستهام | 06:00 |
| مانچێستەر یونایتد ـ میدلزبرە | 06:00 |
| ساوسهامتۆن ـ وێست برۆمیچ | 06:00 |
| سوانزی ستی ـ بۆرنمۆس | 06:00 |
| لیڤەرپوول ـ مانچێستەر ستی | 08:30 |
| **یەکشەممە 2017/1/1** | |
| واتفۆرد ـ تۆتێنهام | 04:30 |
| ئارسیناڵ ـ کریستاڵ پالاس | 07:00 |

### خولی ئیتاڵیا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ یوڤانتۆس | 42 |
| 2 ـ رۆما | 38 |
| 3 ـ ناپۆلی | 35 |
| 4 ـ لازیۆ | 34 |
| 5 ـ میلان | 33 |
| 6 ـ ئەتەلانتا | 32 |
| 7 ـ ئینتەرمیلان | 30 |
| 8 ـ تۆرینۆ | 28 |
| 9 ـ فیۆرەنتینا | 27 |
| 10 ـ ئۆدینێزی | 25 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 14 |
| 2 ـ دزیکۆ | رۆما | 13 |
| 3 ـ بیلۆتی | تۆرینۆ | 13 |
| 4 ـ میرتینز | ناپۆلی | 11 |
| 5 ـ هیگواین | یوڤانتۆس | 10 |

* خولەکە تاوەکو 2017/1/7 دەوەستێت.

### خولی ئەڵمانیا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بایرن میونشن | 39 |
| 2 ـ لایپزیگ | 36 |
| 3 ـ هێرتا بەرلین | 30 |
| 4 ـ فرانکفۆرت | 29 |
| 5 ـ هۆفنهایم | 28 |
| 6 ـ بورۆسیا دۆرتمۆند | 27 |
| 7 ـ کۆڵن | 25 |
| 8 ـ فرایبۆرگ | 23 |
| 9 ـ بایرلیڤەرکۆزن | 21 |
| 10 ـ ماینز | 20 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 16 |
| 2 ـ مۆدیست | کۆڵن | 13 |
| 3 ـ لیڤاندۆفسکی | بایرن میونشن | 12 |
| 4 ـ وێرنەر | لایپزیگ | 9 |
| 5 ـ واگنەر | هۆفنهایم | 9 |

* خولەکە تاوەکو 2017/1/20 دەوەستێت.

### خولی فەرەنسا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ نیس | 44 |
| 2 ـ مۆناکۆ | 42 |
| 3 ـ پاریس سانجێرمان | 39 |
| 4 ـ لیۆن | 34 |
| 5 ـ گانگۆن | 30 |
| 6 ـ مارسیلیا | 30 |
| 7 ـ رین | 28 |
| 8 ـ سانت ئیتیان | 26 |
| 9 ـ تۆلۆز | 26 |
| 10 ـ بۆردۆ | 25 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 18 |
| 2 ـ لاکازیتی | لیۆن | 13 |
| 3 ـ فالکاو | مۆناکۆ | 11 |
| 4 ـ ئەلحەسەن | نیس | 10 |
| 5 ـ گۆمێز | مارسیلیا | 10 |

* خولەکە تاوەکو 2017/1/13 دەوەستێت.

ئێستا لە ئیتاڵیا بە «رێویە فێڵبازەکە» ناودەبرێت.

# مۆنتێلا کەشتییە نقومبووەکەی میلان رزگار دەکات




**ئا: رووداوی وەرزشی**

چاودێران پێیانوایە، فینچینزۆ مۆنتێلای راهێنەری نوێی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی، خەریکە کلیلی رزگارکردنی کەشتی یانەکە لە نقومبوون رزگار دەکات و دەڵێن «سەرەتای کۆتایی سەردەمی تاریکی میلان دەستیپێکردووە».

## گەڕانەوەی هیوا

یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین یانەکانی ئەوروپا و جیهان، 7 نازناوی چامپیۆنسلیگی بردووەتەوە، لە سەرانسەری جیهاندا خاوەن جەماوەرێکی بێشومارە، بۆیە بردنەوەی نازناوی جامی سوپەری ئیتاڵیا لەسەر حسابی یانەی یوڤانتۆسی بەهێز، کە چەندین ساڵە دەستی بەسەر تۆپی پێی ئیتاڵیادا گرتووە، هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ یانەی لۆمباردی، کە 6 ساڵە نەیتوانیوە بچێتە سەر سەکۆی نازناوەکان و خەریک بوو کەشتییەکەی بەتەواوی نوقمی ئاو دەبێت و جەماوەرەکەی بێئومێد دەبوون لەوەی جارێکی دیکە میلانەکەیان ببێتەوە گەورەی ئیتاڵیا و ئەوروپا، کە وا پێدەچێت ئەو یانەیە ئەو رێویەی دۆزیوەتەوە کە بتوانێت بە فێڵەکانی ئەو هیوایە بۆ جەماوەری میلان بگەڕێنێتەوە، ئەویش فینچینزۆ مۆنتێلای راهێنەرە.

میلان دوای گۆڕینی چەندین راهێنەر، نەیتوانی کەسایەتی خۆی بگەڕێنێتەوە، تاوەکو پۆستی راهێنەرایەتییەکەی کەوتە دەست مۆنتێلا، کە بە سەرپەرشتی ئەو خەریکە سەرەتای کۆتایی سەردەمە تاریکەکەی میلان دەستپێدەکات و ئەو یانەیە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو هەستانەوە دەچێت.

## کاری مۆنتێلا

مۆنتێلا لە ماوەیەکی کەمدا کارێکی گەورەی کردووەو توانیویەتی تیپێکی بەهێز لە کۆمەڵێک یاریزانی باش، کە کەسیان ئەستێرە نین، دروست بکات و وەک یانەیەکی گەورە لە ئیتاڵیا خۆی بناسێنێتەوە.

ئێستا هەندێک لە ئیتاڵیا نازناوی «رێویە فێڵبازەکە»یان بە مۆنتێلا داوە، چونکە پێیانوایە ئەو زۆر بە شارەزایانە دەتوانێت یارییەکان بۆ بەرژەوەندی تیپەکەی کۆتایی پێبێنێت.

چاودێران دەڵێن «مۆنتێلا بەر لە هەموو شتێک کەسایەتی بۆ میلان گەڕاندووەتەوە، ئەویش بە بەخشینی متمانە و گیانی لەخۆبوردەیی و خۆماندووکردن بە یاریزانەکانی، کە هەموویان بە گیانێکی پڕ لە حەماسەت و دڵسۆزییەوە لەنێو یاریگەدا دەجەنگن».

## پلان و تاکتیک

گرنگترین کاری مۆنتێلا ئەو پلانە فێڵبازانەیە کە پەیڕەویان دەکات بۆ بردنەوەی یارییەکان، ئەو زۆر لە یارییەکان دەباتەوە هەرچەندە لە رووی یاریکردنەوە لایەنی خراپترە، چونکە وەک چاودێران دەڵێن «مۆنتێلا ئەو مەنتیقەی کردووەتە واقیع لە ئیتاڵیا کە تیپی خاوەن بەهێزترین هێڵی بەرگری یارییەکە دەباتەوە، نەک تیپی خاوەن بەهێزترین هێڵی هێرشبردن». بۆیە شارەزایان ئەو پاساوە دەدەنە مۆنتێلا، کە ئەو ناهەقی نییە لە هەموو یارییەکدا بەرگرییەکی بەهێز لە دەوری گۆڵەکەیدا دروست بکات، ئینجا لە گرتەیەکی لەناکاودا یاریزانانی پێشەوەی گۆڵێک تۆمار بکەن، چونکە پێیانوایە «مۆنتێلا ئەو پێکهاتە ترسێنەرەی نییە، کە لە یەککاتدا بەرگرییەکی بەهێز و هێرشبردنێکی بەهێزی هەبێت». هەروەها مۆنتێلا دەزانێت کەی کاتی هێرشبردنی هەڵگەڕاوەیە، هەر کاتێ بینی تیپی بەرامبەر لە رووی توانای جەستەییەوە ماندووە، گڵۆپی سەوز بۆ یاریزانەکانی هەڵدەکات بۆ ئەوەی گورز لە تیپی بەرامبەر بوەشێنن.

## هاوسەنگی

مۆنتێلا، توانیویەتی هاوسەنگییەکی باش بە تیپەکەی ببەخشێت، کە لە تەنیشتەکانەوە هەمیشە ئەباتی بەسەردەکەوێت و یارمەتی هێڵی پێشەوە دەدات، بەڵام دی چیلیۆ هەمیشە یارمەتی بەرگری دەدات. ئەمە جگە لەوەی مانوێل لۆکاتێلی یاریزانی لاو، کە هاوسەنگییەکی زۆری بە هێڵی ناوەڕاستی میلان داوە، کە دوای پێکانی مۆنتیلیڤۆ ئەو ئەرکە بە باشترین شێوە بەڕێوەدەبات.

بێجگە لە هەموو ئەمانەش، بوونی جیانلویجی دۆنارۆمای گۆڵپارێزیش لە پێکهاتەی میلاندا متمانە و دڵنەوایی بە یاریزانەکان و راهێنەریشی بەخشیوە.

هەر چۆنێک بێت میلان خەریکە کەسایەتی خۆی بەدەستدێنێتەوەو دەبێتەوە میلانەکەی جاران، کە ئیدی پێویستە یانەکانی ئیتاڵیا و تەنانەت ئەوروپاش حسابی جارانی بۆ بکەنەوە.

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 430 )
سێشەممە 2016/12/27



## چارەسەری دەکات

گۆڤاری ABCی بەناوبانگی ئیسپانی ئاشکرایکرد، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدرید دەیەوێ کێشەی نێوان سەرۆکی یانەی شاهانە و پیپێی بەرگریکاری یانەکە چارەسەر بکات، کە فلۆرەنتینۆ پیریز دەیەوێ گرێبەستەکەی پیپێ تەنیا بۆ ماوەی ساڵێک نوێ بکاتەوەو بەرگریکارە پورتوگالییەکەش رازی نییە. بەپێی ئەو گۆڤارە ڕۆناڵدۆ بە زەینەدین زیدانی ڕاهێنەری گوتووە پێویستە تۆش یارمەتیم بدەی بۆ رازیکردنی پیریز، بەڵام زیدان لەو باوەڕەدا نییە بتوانن پیریز رازی بکەن.



ڕێبوار محەممەد

## ڕاستە زیدان ڕاهێنەرێکی بەبەختە؟

هەمیشە لە تۆپی پێدا باس لە بەخت دەکەین، یان ئەوەی لە دەستەواژە میللییەکەیدا بە شانس ناونراوە. دەگوترێ ئەو تیپە بە شانسە یان ئەو ڕاهێنەرە شانسی هەیە. هەندێک ڕاهێنەر و تەنانەت یاریزانانیش زۆرجار لە لێدوانەکانیاندا دەگەڕێنەوە بۆ بەخت و باسی بەخت دەکەن، دوا کەس کە لەبیرم بێت باسی بەختی کردبێت، خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری مانچێستەر یونایتد بوو کە لە کاتی ئەنجامە خراپەکانی یانەکەیدا، چەند هەفتەیەک لەمەوبەر گوتی "ئێمە بێبەختترین یانەی پریمەرلیگین".

بەهەرحاڵ، هەمیشە بەخت بۆی هەیە لە تۆپی پێدا ڕۆڵی کاریگەر ببینێت، ئەوە بەختە هەندێجار دەتبات بەرەو بردنەوە و ئەوە بەختیشە هەندێجار بەدۆڕانت دەدات. بۆچی بەخت؟ لەبەرئەوەی تۆپی پێ گەمەیەکی مرۆییەو چەندە پلان و تەکتیک و عەقڵیشی تێدابێت، دواجار هەندێک لە هەڕەمەکیەتی تێدەکەوێت و ئیدی لەوێوە ئەوە دێتە پێشەوە کە پێیدەگوترێت بەخت.

ئێستا کە ساڵ تەواو دەبێت و ریال مەدرید لە کۆتایی یەکەم ساڵ لەگەڵ زەینەدین زیدان نزیکدەبێتەوە، زۆر باسی ئەوە دەکرێت، زیدان بەبەخت تا ئێرەی هێناوەو 3 نازناوی لە یەکەم ساڵی کارکردنیدا بردووەتەوە، ئەوەش دەگوترێ کە ئەو خاوەنی بەختێکی سپییە وەک ئەوەی خۆی گوتویەتی "من لە یاریکردندا بەختم سپی بوو".

دەکرێ بڵێین ئەوەی لە ماوەی ساڵی رابردوودا زیدان لەگەڵ ریال مەدرید بەدەستیهێناوە بەخت بووە؟ هەرچەندە زۆر کەس وا دەڵێن، بەڵام من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم.

گەر بگەڕێینەوە بۆ ریال مەدریدی بەر لە زیدان و ریال مەدریدی دوای زیدان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوە شانس نییە ساڵێکی نموونەیی لەگەڵ زیداندا لەو یانەیە دروستکردووە، بەڵکو ریال مەدرید تێکشکاوەکەی سەردەمی بینتێز، لە دوای هاتنی زیدانەوە پارچەکانی کۆکرانەوە، ڕێکخران و کرانە وزە بۆ سەرکەوتن. خاڵی سەرەتای کارکردنی زیدان سەپاندنی کاریزمای خۆی بوو وەک ئەفسانەیەک بەسەر ئەو یاریزانانەدا کە زۆرینەیان ئەستێرەی گەورەن و خاوەنی ناوبانگ و پارەی خەیاڵین.

بەدەستهێنانی 40 سەرکەوتن لە کۆی 53 یاری و 3 نازناو لە ماوەی ساڵێکدا، ناکرێ تەنیا کاری بەخت بێت، گەرچی لە هەندێک شوێندا وەک خووە هەمیشەییەکەی، تۆپی پێ بەدەم زیدانەوە پێکەنیبێت، بەڵام دڵنیام بونیادنانەوەی تیپەکە و کارنەکردن لەسەر خاڵە بەهێزەکانی و هەوڵنەدان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی و متمانە پێنەدان بە یاریزان نەبووایە، بەختیش بەدەم زیدانەوە پێنەدەکەنی.

لەوانەیە بەڵگە زۆربن لەسەر ئەوەی زیدان لەگەڵ ریال مەدرید هێندەی پشتی بە لێهاتوویی خۆی بەستووە، هێندە پشتی بە بەخت نەبەستووە، مامەڵەی ورد لەگەڵ یارییەکان، ئامادەسازی و پلان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیپەکان، هەڵدان بە یاریزانە لاوەکان و گەیشتن بە پێکهاتەی گونجاو بۆ هەر یارییەک، هەموو ئەوانە یارمەتیدەر بوون بۆ سەرکەوتن، لە بیریشمان نەچێت یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی هەر ڕاهێنەرێک، بوێرییە لە دەستکاریکردنی پلانی یارییکردنی لەنێو یارییدا، زیدان چەندینجار ئەوەی کردووە و بە 4 ـ 3 ـ 3 و 4 ـ 4 ـ 2 و 4 ـ 1 ـ 3 ـ 2 یاریکردووە.

وەک چۆن لەگەڵ ئەوەدانیم هەموو بڕیارەکانی زیدان دروست بن، وەک چۆن پێموانییە ریال مەدرید تیپێک بێت تا سەر نەدۆڕێت یان ئەمساڵ هەموو نازناوەکان بباتەوە، بەهەمانشێوە لەگەڵ ئەوەشدا نیم ئەوەی زیدان کردوویەتی بەرهەمی شانس بێت، ئاخر ئەو دەیەوێ سوود لە هەڵەکانی ڕابردووش وەربگرێت، ئەوەتا لەبیری نەچووە 3 ساڵ لەمەوپێش، تیپەکەی لەگەڵ ئەنچیلۆتیدا لەنیوەی دووەمی وەرزدا هەموو شتێکی لەدەستدا، بۆیە پشووی یاریزانەکانی کەمکردەوەو ئەمڕۆ دەست بە مەشقەکاتەوە.

بێکهام و گواردیۆلا ڕکابەری بوون..

# فیدرێر کەشخەترین پیاوی 2016



رووداوی وەرزشی ـ DW

گۆڤاری GQی ئەمریکی بەناوبانگ و پسپۆڕ لە کاروباری پەیوەست بە پیاوان، ئەفسانەی تۆپی تێنسی سویسری، ڕۆجەر فیدرێری بە کەشخەترین پیاوی ساڵی 2016 دەستنیشانکرد. فیدرێر بەپێش 63 پیاوی بەناوبانگ کەوت، لەوانە ئەفسانەی تۆپی پێی ئینگلیزی دێڤید بێکهامی ئەستێرەی پێشووی ئینگلیزی.

لەو دەنگدانە کە پشت بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەبەستێت، فیدرێری تەمەن 35 ساڵان، براوەی 17 نازناوی گراند سلام، تووشی ڕکابەرییەکی توند بووەوە، بەر لەوەی بگاتە قۆناخی کۆتایی، ڕۆجەر بەسەر گۆرانیبێژی ئینگلیزی زێن مالیک، ئەکتەری کەنەدی ریال گۆسلینگ، گۆرانیبێژی ئەمریکی کانیا ویست و ئەکتەری ئەمریکی گارید لیتۆ سەرکەوت. فیدرێر گەیشتە کۆتایی و بەسەر ئەکتەری ئینگلیزی تۆم هیدلیستۆن سەرکەوت، دوای ئەوەی 60 % ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

ئەمەو لەنێو لیستەکەدا چەندین وەرزشوان بوونیان هەبوو، لەوانە پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری ئیسپانی یانەی مانچێستەر ستی ئینگلیزی، لویس هامیلتۆنی بەریتانی، ئەستێرەی فۆرمۆلا وەن و مایکل جۆردانی ئەفسانەی تۆپی باسکەی ئەمریکی. هەرچەندە فیدرێر ساڵی 2016 هیچ دەستکەوتێکی بەدەست نەهێنا، بەهۆی پێکانی ئەژنۆی، کەچی ئەو خەڵاتە لەوانەیە وەک ڕازیکردنی دڵی ئەو ئەستێرە ئەفسانەیە بێت، کە بۆ پلەی ی16 ڕیزبەندی جیهان پاشەکشەی کردووە، لەبەر بەشداری نەکردنی لە هیچ یارییەک، دوای نیوەی کۆتایی ویمبڵدۆن لە تەمموزی ڕابردوودا.

پێشبڕکێ



## بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

مەروان ڕۆستەم لە هەولێر

بە لێدوانی:

(ئەو پستە پستە، بەڵایەکی لەپشتە)

---

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 430 )
سێشەممە 2016/12/27

## 2 LOTTO پەنجاو چوارەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو :

مۆبایل :

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان

RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net